گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/p73ee825

ڕێـكـەوتـی وەرگـرتـن: 31/03/2024
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 23/05/2024
ڕێـكـەوتی بڵاوكردنەوە: 29/10/2025

# هەڵوەشانگەرایی لە هونەری تەلارسازی پاشمۆدێرنەدا

**ئاوات سعيد فتاح**
awat.fatah@univsul.edu.iq
بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عیراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەشی سەرەکی پێکدێت. بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ کێشەی توێژینەوە و گرنگی توێژینەوە و ئامانجی توێژینەوە و سنوری توێژینەوە، کە سنوری (کات - بابەت - شوێن)، دەگرێتەوە، بە پێناسەی زاراوەکان بەشەکە کۆتایی هاتوە، بەشی دوەمی توێژینەوە، کە چێوەی تیۆری توێژینەوەکەیە، لە سێ توێژگە پێکهاتوە، توێژگەی یەکەم، باسکردنە لە دەرچەی مێژویی سەرهەڵدانی هونەری تەلارسازی هەڵوەشانگەرا کراوە، لە توێژگەی دوەمدا کردە ستراتیژی و پاڵنەرییەکانی تەلارسازی هەڵوەشانگەرایی بەباسکراوە، توێژگەی سێیەمیش کنە و پشکنینە لە دەرکەوتنی سیمانتیکی هەڵوەشانگەرایی تەلارسازی پاشمۆدێرنیزم. بەشی سێیەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ ڕێکارەکانی جێبەجێکردن، کە ئەوانیش (کۆمەڵگەی توێژینەوە، نمونەی شیکارکراو و ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارین)، لە سێ نمونەدا شیکاری تەلاری هەڵوەشانگەرایی کراوە. بەشی چوارەم بەچەند خاڵێك ئەنجامی توێژینەوە خراوەتەڕو، لەگەڵ ڕاسپاردە و پێشنیارەکان و دانانی سەرچاوەکان لە کۆتایی توێژینەوەکەدا.

**کلیلە وشەکان:** هەڵوەشانگەرایی، هونەری تەلارسازی، پاشمۆدێرنە، هاوچەرخ

## The Deconstruction of the Postmodernism Architecture Art

**Awat Saeed Fatah**
Department of Painting, College of Fine Arts, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq

**Abstract**

This Research consists of four main parts. The first parts of the research are devoted to the research problem, the importance of the research, the objectives of the research, and the limitations of (time, objective, place), and ended with the defining of terms. As for the second part, which is the theoretical framework for the research, it consists of three sections. The first section discussed the historical background of the emergence of the deconstruction art of architecture. The second section discusses the actions, motives, and

causes of the deconstruction strategy for architecture. The third section explores the emergence of Symantec's deconstruction architecture post-modernist. As the third part of the research, it was devoted to implementation procedures, which are (the research community, the research sample and analysis, the research objectives, and tools for collecting information), and in the fourth part of the research, were presented the results of the research in several points, with suggestions, recommendations, and sources at the end of the research.

**Keywords**: Deconstruction, Art Architecture, Postmodernism, Contemporary

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە بابەتێکی هەستیار و نوێی نێو کایەی هونەری شێوەکاری بەگشتی و هونەری تەلارسازیە بە وەستانێکی تایبەتی، کە لە ئاماژەیەکی خوێندنەوە ڕەخنەییدا، بە ئاراستەی فەلسەفەی هاوچەرخی هەڵوەشانگەرایی، گەنگەشە و شیکارییەکان نمایندەدەکات، بەوەی پاش جەنگی دوەمی جیهانی و هەژمونە پرتاوەکانی شۆڕشی پیشەسازی و کرانەوەی ئەوروپا بەکردەی تەکنەلۆجی و پێشکەوتنە یەك لە دوایەکەکانی سەرجەمی بوارە جوداکان بەڕوی دونیادا، وەك وەرچەرخانەکانی زانست و زانستی پزیشکی و ئەندازیاری و پیشەسازی و گەردووناسی و هزری و فەلسەفی و وێژەییەکان، وە گۆڕانە بەدەوامەکانی شێواز و دەرکەوتەی هونەرە شێوەییەکان و پەیوەندگیری لەگەڵ هونەرەکانی دیکە، لە نێویشیاندا هونەری تەلارسازی مۆدێرن و پاشمۆدێرنەی سەدەی بیست و یەکدا، کە لەناوەڕۆکی بابەتی و ئوبجێکتیکاڵیدا سیمای لادان و سەرکەشی و نامۆیی بون بە جەستەی تەلارەکانی سەردەمی مودێرنە و پاشمۆدێرنەدا وەك شوناسێکی تازەگەری دەناسێنران. کاتێ هونەری تەلارسازی ئاوێتەی هزر و بینگەی نوێ بۆوە، لە ئاراستەی هزری تەلارسازی مۆدێرنەی وەك (هێماگەرایی، گوزارشتخوازی، فۆفیزم، کوبیزم، ئەبستراکت)، لە پۆسمۆدێرنەشدا (بونیادگەرای و سیمانتیکی* و هەڵوەشانگەرای)، کە ئەم ئاراستە هونەری و هزریانە تا ئەم ساتە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر پێگە و بەهای هونەری تەلارسازی بەجێهێشتوە. بۆیە ئەم توێژینەوەیە شیکاری و لێکدانەوەیە لە نیشاندان و بەردەستخستن و دۆزینەوەی ئەم کاریگەریانەی هزری هەڵوەشانگەرا، لەسەر تەلارسازی پاشمۆدێرن و ڕۆشنکردنی ئەم هزرە و خەسڵەتە دیارەکانی نێوی، لەسەر لایەنی شێوەیی تەلارەسازی پاشمۆدێرنە.

## بەشی یەکەم: چێوەی گشتی توێژینەوە

### 1-1- کێشەی توێژینەوە:

وابەستەبون بە هزری نوێ، ئاوڕدانەوەیەکی ژێدەریانەیە لە بەهاکلتوری و شارستانیەتییەکانی هەر کۆمەڵگایەك، دیارە هونەری تەلارسازیش پێشەنگی ئەوبەهایە لەخۆدەگرێ. گەر خوێندنەوەیەکی کورت بکەین لەمەڕ ڕابردوی هونەری تەلارسازیی خۆرئاوا، شتێکی بەرچاو دەبێت کە زۆرێك شێوازی هونەری تەلارسازیی لە کۆندا تایبەتمەندێتی و هزری شوێنگەیی و کلتوری و بیروباوەڕی ئاینی هەر گەلێك لەخۆدەگریت. پاساویش بۆئەم حاڵەتە دەرکەوتەیی و دیمەنی تەلارسازی سەردەمی دێرینی شارستانیەتی (یۆنان، ڕۆمانیا، ئیتاڵیا، فەرەنسا، ئیسپانیا... هتد)، کە سەرچاوە ئەپیستیمۆلۆجیەکەش* لە فاکتەری بیری ئایینی و هزری سەرکەشی تاکی هونەرمەندە تەلارسازەکەوە ئاراستەی گرتوە. لەگەڵ ئەمەشدا، تەلارسازی لەسەردەمی دوای جەنگی دوەمی جیهانییەوە، بەرەو گۆشەیەکیتری پێشکەوتویی و جودابون

و ناوازەیی چو، بەجۆرێك خوێندنی زانستی ئەندازیاری تەلارسازی بە خوێندنی کایە هونەرییەکانی دیکەی خوێندنی هونەر ئاوێتە بو کە لەگەڵ هونەری شێوەکاری لە وەرچەرخانێکی گەشەی هاوتەریی بەیەکدارۆچوییدا، جەمسەرە گرنگەکانی پێشکەوتن و هزرە ئەفرێنئامێزەکانی یەکدیان تەواو دەکرد و تا هەنوکەش لە زۆر وڵاتانی پێشکەوتوی خۆرئاواییدا، کێشانەی تاکانی تەرازوی خوێندنی ئەم دو هونەرە لە یەك بۆتەدان، نمایشە بینەیەکانیان لە ڕوپەری بینەیی و کردەکیدا، پێگە هەستی و فیزیکی ئۆبجێکتیکاڵی گرنگ و ئاماژەدارتر و فرەخوێندنەوە دەکەنەوە، بۆیە لەسەردەمی تەلارسازی نوێدا، سەرەڕایی خوێندنی زانستی و کردەکیدا، ئەکشنەکە کەوتە ژێرکاریگەری زۆرێك لە هزرە فەلسەفییەکانی سەردەمی دوای مۆدێرنە، بەتایبەت هزری هەڵوەشانگەرایی (الفكر التفكيكي)، کە بیرمەند و فەیلەسوفی فەرەنسی (جاك دریدا)، پێشەنگ و دارێژەریەتی. لە لێکەوتەیی پەراوێزی هزری هەڵوەشانگەرادا، هونەری تەلارسازی پاشمۆدێرن، بە هەژمونێکی گۆڕانگاری و نامۆیی بینەییەوە وەرچەرخێنرا. لێرەوە دەتوانین بڵێین توێژینەوەکە هەوڵی دۆزینەوەی پرسیارگەلێکە، لە پەیوەندی نێوان کاریگەری و جێکەوتەیی و بەرجەستەیی هزری هەڵوەشانگەرایی، لە بەهاو بینگە و دەرکەوتویی تەلارسازی دوای مۆدێرنە. نیشاندان و ڕۆشنکردنی نادیارەکانە، وەستانە لەسەر باسی هۆکار و کاریگەریە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان و ژێدەر و پاڵنەرەکان لەسەر هونەری تەلارسازی پاشمۆدێرندا.

**1-2- گرنگی توێژینەوە:**

1- ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ بەدیارخستنی پەیوەندەی نێوان چەمکی هەڵوەشانگەرایی و هونەری تەلارسازی پاشمۆدێرن.

2- دۆزینەوەو نیشاندانی لایەنی پێشکەوتنی تەکنەلوجیا و خامەی پیشەسازی سەردەمی بۆ کردەی ئەفراندن و جیاوازی بون لە هەناوی هزری تەلارسازیی هاوچەرخدا.

3- گرنگیەکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە ئاشکراکردنی کاریگەری ئایدیاو چەمکی هەڵوەشانگەرایە لە بەرجەستەکاری هونەری تەلارسازی دوای سەردەمی مۆدێرنەیە.

4- ئاشناکردنی خوێنەرە بۆ بەهای ئەندێشەسازی فەلسەفەی هەڵوەشانگەرایی پاشمۆدێرنە بە گوتار و واتای هونەری تەلارسازی هاوچەرخ.

**1-3- ئامانجی توێژینەوە:** دەرخستنی چەمکی هەڵوەشانگەراییە لە هونەری تەلارسازی پاشمودێرندا.

**1-4- سنوری توێژینەوە:**

1- سنوری بابەتی: ئەم توێژنەوەیە لێکۆڵینەوەیەکە دەستنیشانی میکانیزمی کردەی هەڵوەشانگەرایی دەکات لە هونەری تەلارسازی پاشمۆدێرنەدا.

2- سنوری کاتی: ئەو شاکارە تەلارسازیانە شرۆڤە دەکات کە بەرجەستەی هزری ئەندێشەسازی هەڵوەشانگەراییان تێدایە، کە دەکەونە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٧٥-٢٠١٤)، هۆکاری وەرگرتنی ئەم ماوەیە فرەیی گەشەسەندن و دەرکەوتەی سەراسیمایی تەلارسازی بە ئاراستەی هەڵوەشانگەرایی.

3- سنوری شوێنی: هونەری تەلارسازی هەڵوەشانگەرایی جیهانی.

**1-5- پێناسەی زاراوەکان:**

**هەڵوەشانگەرایی لەڕوی زمانەوانی:** "هەڵی وەشاند، هەڵوەشا، هەڵوەشاندن، واتە شتەکەی هەڵوەشان، واتە شتێك بخەیتە بارێکی پارچەپارچەیی و سەرەتای پێکبەستەیەکی ترەوە، یا ئامێرەکەی هەڵوەشان" (مجمع اللغة، 2005، 298). هەڵوەشانگەرایی واتە جیاکردنەوەیەکی ڕاستەقینەی ڕەگەزەکانی شتێك پێشتر یەکانگیربوە، (لالاند، 2001، 289).

**هەڵوەشانگەرایی لەڕوی زاراوەیی:** بەشێوەیەکی گشتی وشەکە دابەشکاریەکی کردەکی و لەهەمان کاتدا ئەندێشە ئامیزی لەخۆگرتوە بەوەی، لای (دریدا) واتە تێکدانی بونیاد و هەڵوەشانی (موسی، 2006، 329). بەجۆرێ لەواتا بیانیەکەیدا (Deconstruction) دو بەشە، کە پێشگری (de)، واتە نەهێکردن و (construction)، واتە بونیادنان، و بە کۆکراوەکەشی، نابونیادی دروست دەبێت، واتە دژە دروستکردن، واتە تێکدان، واتە هەڵوەشانەوە (وغليسي، 2005، 350). بەو مانایەش بێت هەڵوەشانگەرایی دابەشکاری دەقە بەبەشۆکەی بچوکەکان و گەورەکانییەوە (علوش، 2005، 169). هەڵوەشانگەرای پێیوایە کە هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ گرتنی مانایەکی تەواو، چونکە واتاداری مانا هەمیشە ئاماژەیە بۆ جیاوازی، فرەیی، سەرەڕۆیی، شێواوی، یان ململانێ نێوی بەهۆکاری زۆری لێکدراوەکانی نێوی (حرب، 2005، 27).



**هەڵوەشانگەرایی لەڕوی ڕێکاری:** هەڵوەشانگەرایی هەڵوێستە و قوڵبونەوەیەکی تری هزری مرۆڤی هاوچەرخە، بەرامبەر ئەو دژیەکانەی لەکایەکانی ژیانکردنادا هاتنە ئاراوە، کە گۆڕان لە شێوازی و مامەڵەی هزری و کردەکی جارێکی دیکە بو بە پێویستی. تاوەکو لە ڕێرەوی هەژمونی تێڕامانی سەردەمیدا بۆ زانست و تەکنەلۆجیاو کاریگەرییەکان بۆ ڕەفتار و هزری مرۆڤ، هاوسەنگی نێوان شۆکەکان و نامۆکان بڕەوێنینەوە.

**تەلاری هەڵوەشانگەرا لە روی ڕێکاری:** مەبەستمان لەم لێکدراوە وشەییە، بەرجەستەی دەرکەوتەیی شێوەی تەلارێکە، کە پێودانگە ئایدیالیە هەڵوەشانگەراییەکانی لە سیمادا هەڵگرتوە، جۆرێکە لە نامۆیی و ناهاوسەنگی فۆرمی، بەبێ ئەوەی بەتاڵی لە کردکاری (وەزیفە) و توانای ئەندازەیی و بونیادی زانستی تەلارسازی بکات، بەجۆرێك جیاوازیبون و ناوازەیی و جوانیناسی تایبەت بەخۆی هەیە، بەشێوەیەکی شۆکئامێز کاریگەری لەسەر هزر و ئەندێشە و سۆزی چاوەڕواننەکراوی بینەر دروستدەکات.

## بەشی دووەم: چێوەی تیۆری توێژینەوە

### 2-1- دەرچەی مێژویی سەرهەڵدانی هونەری تەلارسازی هەلوەشانگەرا:

دەسپێکی هزری تەلارسازی هەڵوشانگەرا پەیوەستە بە کردەی جوانکاری دەرەوەی تەلارەکان، کە لە بارە مێژوییەکەیدا ڕەنگدانەوەی ئاوەزی مرۆڤە بۆ پێشکەشکردنی جوداییبون. بەخشینی هەستی نامۆیی بون، بەوەی "گرینگترین دیمەنە پەیوەندە بە کەتوار* و هەست و کردارەوە،" واتە ئەکشنەکە هێزێکی پەیوەستارە بە گەشەسەندن و بازدانە جۆرییەکانی بینگەی هونەرمەندە تەلارسازەکانەوە (Islami,2016, 162)، گەر وەك ئارگۆمێنتێکی کردەیی و ئیستاتیکیش بنۆڕین، گۆتاری بەبەهاکردن لە واتا باوەکەیدا پەیوەستە بە ڕوبەڕە نامۆ و دەرکەوتەکانی تەلارسازی سەردەمی مەسیحیەت، لە سەردەمی کلاسیك و ڕێنیسانس، بە تەلارسازی بیزەنتی و ڕۆمانسی و غوتیشەوە "کە هەستی توانابەخشیی هاوچەرخی بون و تەکنیك و شارستانی بونی ژیانی پێشکەوتوی مرۆڤ پەخشدەکەن " Noble, 2009, (p69) (شێوە1).


(شێوه1) دیمەنی ڕوگەی تەلارسازی کلاسیك نیشاندەدات

لەکاتێکدا گۆڕان و وەرچەرخانی دیمەنی دەرەوەی تەلاری کلاسیزمی سەردەمی بارۆك و ڕوکۆکۆ، کە زۆرترینی جوانکاری بارستەی ڕوکەش و ناواخنی داگیرکردبو، بازدانێکی تری بەهای ماترِیاڵی و ئامرازی وەرچەرخانی چەمکی پەتیبونە بۆ چەمکە ڕاستەقینەکەی کە ماددەیە (Alsultani, 2009, 75). ئەمەش ڕاستییەکیتری بەئاراستە بونی هزری هەڵوەشانگەرایە لە تەلارسازی کۆندا، بە دورکەوتنەوە لە دوبارەیی و باوبون و چەقبەستویی شێوەیی. لە سەردەمی مۆدێرنەشدا، پێشکەوتنە خێرا و پرتاوەکانی وەك (هزری فەلسەفی، زانست و تەکنەلۆجی، پیشەسازی، ئابوری، هونەری، سیاسی، کلتوری....هتد)، کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە مەڕ نوێبونەوەی شێوەگەری هونەری تەلارسازی نواند، زۆرێك لایەن بەشداربون لە بەجیاوازی بونیدا، وەك پێشکەوتنە فراوانەکانی زانست و دۆزینەوەی ڕێگەچارە و ئاسانکاری و ئەفراندنە زۆرەکانی ئەندازیاری لە بەرهەمی تەلارسازی مۆدیرندا، ڕۆچونە نێو خوێندنە ئەکادیمیەکانی زانستی ئەندازەیی. کاتێ بزوتنەوەی بونیادگەری ڕوسی، لەسەر دەستی نیگارکێش (کازیمیر مالیفیتش) و تەلارساز و هونەرمەند (ڤلادیمیر تاتلین) دامەزرا، پرۆژەکان تایبەتمەند بون بەرەگەزی جوڵەوزەی فۆرمەوە. (Frampton, 2020, 17)، کە بە بابەتێکی گرنگی سەرەتای دەرکەوتنی تەکنیکی تەلارسازی هەڵوەشانگەرایی سەیردەکرێت، (شێوە 2).



(شێوه2) تاوەری تاتلین- لەندەن

تەنانەت لە سەردەمی مۆدێرنەدا سنورەکانی نێوان هونەری شێوەکاری و تەلارسازی وەلانران و هاوتەریب بەکایەی یەکدی کاریان دەکرد (عبدالعزیز، 2016، 1). کاتێك لە دامەزراوە وکۆمەڵەکانی وەك (باوهاوس، دیستیل، بونیاد)دا*، هونەری شێوەکاری و تەلارسازی و پیشەوەری، پێکەوە ئاوێتەبون لە بەرهەمهێنان و بەرجەستکردنی کاری هونەریدا (أمهز، 1996، 237). وەك لایەنی ئەندازەیی هێڵی شاقوڵی و ئاسۆیی و ڕەنگ و فۆرمی شێوە چوارگۆشەیی و تەکنیك و شێوازی تابلۆی مۆدێرن ئاوێتە بە ڕوکار و دەرەوەو ناوەوەی هونەری تەلارسازیکران (عرابی، 2001، 45) (شێوە 3).



**2-2: کردە ستراتیژی و پاڵنەرییەکانی تەلارسازی هەڵوەشانگەرایی:**

ڕەنگدانەوەی ستراتیژی هەڵوەشانگەراپی لە هونەری تەلارسازی سەردمی پۆستمۆدێرندا ئاراستەی بەتێكشكانی سیستماتكیەتی شێوەی تەلارسازی كلاسیك و ڕێسایی گرت، بۆ هونەرێكی تەلارسازی وروژێنەر و سەرنجراكیش. كە پێكهاتەیەكە لەبنیاتیدا گەڕانە بەدوای سەمەرەیی دیمەنی تەلارسازی لە ئاستی بینگەییدا. ئەم شێوازەی تەلارسازی ئازادبونە لە هونەری تەلارسازی لاسایی و گشتگیر، كە پێكهاتەیەكە جیاواز لە ڕێكخستنی ڕەگەزەكانی تەلارسازی و شێوە جۆراوجۆرەكانی بە دارشتەیەكی ئەندێشە ئامێز (محمد، 2003، 1). هزری هەڵوەشانگەراپی كاریگەری خۆی لەسەر تەلارسازی سەردەم بەشیوەیەكی ڕاستەوخۆ نواندوە. بەتایبەت لە ساڵانی هەفتا و هەشتاكانی سەدەی بیستەمدا. كاتێك لەشارە گەورەو ناودارەكانی ولاتانی ئەوروپا و ئەمریكا ژمارەگەلێك لە نمونەی تەلارسازی ناواخن بنیاتنراو بەم ستراتیژە هاتنەبەردیتن، لەلایەن كۆمەڵێك هونەرمەندی تەلارسازیی وەك (برنارد شومی، پیتر ئایزنمان، فرانك جیری، زەها حدید، دنیاڵ لیبس كانید، جونتر نیتش).

تەلارسازی هەڵوەشانگەرا وەك بونیادێكی هزریانەی خودی سودبینە لە فەلسەفە و ئەپستمۆلۆجیای شێوازی تێفكرینی (هایدگەر)، لەتێكشكان و دژایەتی میتافیزیك، ئازادبونە لەبەرژەوەندی تایبەت بۆ پیشاندانی ناهاوتابونەكانی ناو دەقە هزریەكان یاخود هزرە ئاساییەكان (ایهاب، ١٩٩٧، ٢). بەوەی تەلارسازی نوێ شێوەیەكە لە ئەدەب و زمان، یاخود بەشێوەكی گشتی وەكو ئەدەب و زمان و زانست و ڕۆشنبیری وایە، كە دەكەونە چوارچێوەی سیستمی ئاماژەداری یەوە، واتە هەموان سیستمی ئاماژەداریان تێدایە وەك بازنەیەك لە بازنەكانی پەیوەندی مرۆڤایەتی (حامد، 2014، 47).

میتۆدی هەڵوەشانگەراپی لە هونەری تەلارسازیدا كارایە لە تێكشكان و لادانی نۆرماڵبونی دەركەوتەی شێوەی تەلار و باڵەخانەكان، ئەگەرچی لایەنی وەزیفی لە كردە جێگیركردەكانی زانستی ئەندازیاری حسابی خۆی بۆ دەكرێت، بەڵام لە كۆتاییدا تەلارسازی هەڵوەشانگەراپی سەرنجدانە لە دیمەنی باڵەخانەیەكی هەڵوەشاوی ناباوی جیاواز، كە پێویست بو هەموان ڕزگارین لە دەقگرتویی و ئەتمۆسفیرە بیزاركەرەی پێشوی تەلارسازیی كلاسیك و مۆدێرنە، تا مرۆڤەكان لە بێهودەیی سیستم و دوبارەیی جێنیشتەنیەكانیان بەتاڵكەنەوە، چونكە مرۆڤ لای تەلارسازی هەڵوەشانگەرا: (پیتر ئایزنمان)" ئامادەگی لە پرۆسە بێهودەكاندا هەیە" (السید، 2000، 77). چەمكی بێهودەیی لێرەدا بەمانا بونگەرا پوچگەراكەی نایەت، بەڵكو مرۆڤ وەك بونەوەرێكی بەئاگاو ژیری نێو كەتوار و بەردەم هەژمونی دژبوەكاندا دەبینێ (شێوە 4).



بۆیە هونەری تەلارسازی لەرابردودا، شتێك نییە تەنها زنجیرەیەك فۆرمی بونیادی دوبارە لە یەكچوی هاووەزیفە نەبێت، بەڵام بەتێپەربونی كات و پێشكەوتنی زانست و تەكنەلۆجیای سەردمیانە لە هەمو بوارەكاندا، ئەم ئاڕاستەیەش پێشكەوتنی گەوەری بەخۆبینی، لەكاتیكدا كە خود تا ئاستێكی وەها ئازاد بو، توانی گۆڕانی ڕیشەیی لەو ئەپستیمۆلوجیایەدا دەرهاویشتە بكات، كە بیرەوەری كەسێتی لەسەر دامەزراوە، كە هەوڵدانەكە ڕێگەیە بە نارێچكەیی و تەنانەت بە ونبون، شكانی یاسا باوەكان لە درككرنمان بۆ فۆرم و شوێن، مانەوەی هزری پەرتبون و بێسەروبەری و نارێكخراوی لەوەش كە ڕێكخراوە لامان، بابەتی سەرەكین لە تەلارسازی هەڵوەشانگەرادا (Paul, 2001, 2 ).

یەكێكی دی لە پاڵنەرە بەهێز و ستراتیژكردەكانی وەدیهاتوی تەلارسازی پاشمۆدێرنە، هزرە هاوتەریبەكانی (جاك دریدا) بو لە گوزارشتكردن بۆ دونیای كراوەیی بیروڕاكانی لە ژێر كاریگەریە فرەجەمسەریەكانی سیستمی ئاكاری و ڕامیاری و ئابوریدا، كرانەوەی لەبەردەم چەندێتی خوێندنەوەدا، جیاواز لەگۆشەنیگا و واتادا. كە (دریدا) كرانەوەی لە سیستمی واتایی نادادخراودا كرد، واتە كراوەیی واتایی پێشكەشكراو لە سەربەستی ئەویتردا (مجموعة من الكتاب، 2004، 80). ئەم هەوڵانەی (دریدا) بۆ گەیشتن بو بەدۆزینەوەی جیاواز و نوێ. شكاندنی كۆتی ڕێسا كۆنەكان،قوتاربون لە تاك ڕەنگیەوە بۆ فرە ڕەنگی، وەك كاردانەوەیەك دژی تەلارسازی مۆدیرنەی ساڵانی پەنجاو شەستەكانی سەدەی ڕابردو، (شێوە5).







(شێوە 5) چەند شاكارێكی بینگە جیاوازی تەلارسازی هەوڵوەشانگەرای نیشاندەدات

## 2-3-دەركەوتەیی سیمانتیكی* هەڵوەشانگەرایی تەلارسازی پاشمۆدێرنیزم:

لەسەردەمی پۆستمۆدێرنەدا زۆر لایەنی تایبەتمەند لە ڕەگەزی تەلارسازی نوێدا لەدەستدرا، كە هاوتابو لەگەڵ سروشتی كۆمەڵگەی هاوچەرخ. بەلەبریدانانی ڕەگەزی سەرنجئامێز و جوڵەبەخش بەهەست و نەست و گەمەكردن بە خوێندنەوە كردەییەكانی چاوی بینەر. لەنمونەی ئاوێتەبونی فۆرمە زەخرەفییەكان بەرۆحیەتی ڕەگەزی فۆرمی ئەبستراكت و پەتیكردنەوە (ئیختیزال)، (شێوە6). ئەم پێشكەشكردنەش بەجۆرێكی زۆر ئاڵۆز و دژەباو پەخشكرا و خرایەڕو، تا كۆمەڵگە بەرەو فرەچەشنەیی و فرەڕەهەندی گەشەو ڕێچكەبگرێت. كە لە كۆتاییدا دەبێتە هۆی هەژاندنی بینین و خوێندنەوەكانی هەستی بینەر. بەمەش دەتوانین بڵێین پاشمۆدیرنیزم  توانی  گۆڕانكاری لە بینگەی جیهاندا بخولقێنێ، ڕووەو جیهانێكی بینگەیی باڵای جیاواز لەوەی لە كەتواری حاڵدا بونی هەیە (Albustani, 2009, 75).








(شێوە6)  چەند شاكارێكی بینگە جیاوازی تەلارسازی هەوڵوەشانگەرای نیشاندەدات

بە گەڕانەوەمان بۆ هزری (پیتر ئایزنمان)، لە دەقە تەلارسازیەكانیدا چەمكی تەلارسازی بە چەمكی تێگەیشتن لە زوبان دەچوێنێ، یا خود پێیوایە پێویستە تەلارسازی وەك زوبان مامەڵەی لەتەكدا بكرێت، یا وەك زوبان خاوەن یاساو ڕێسای خۆییێت، كەهیچ پەیوەندیەكی نەبێت بە وەزیفەوە، بەڵكو تەلارسازی سیستمێكە فۆرم بونیاتی دەنێت لە دەرەوەی مانای فۆرمەكان، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە لەگە ڵ (دریدا) یەكانگیردەبنەوە، بەوەی (دریدا)ش، پێیوایە گەمەگردن بەپێكهاتە زوبانیەكانی دەق بەشێكە لە كردەی پەردەهەڵماڵین لە نادیرەكان لەڕێگەی بنكۆڵكردنی ڕوكەشكاری دەق و چونەنێویەوە بەشێوەیەكی شاقوڵی و كەشفكردنی كەموكوریەكان، بەمەش دەق لە بۆتەیەكی وەستاوی

مۆلەقبەستوەوە دەبێتە شانۆیەکی بزۆکی نمایشکاری، هەمیشە جوڵەنمایشیەکانی نێوی سەرسامی بەردەوامی لێکدانەوە بەردوامەکانی بینەر دەبێت ئەمە بۆ تێفکرینی تەلارسازیش هەمان پرۆسەیە (عقبە، 2000، 1).

لەگەڵ هەڵوەشانگەرایدا جەستە و ناواخنی تەلارە هاوچەرخەکان گۆڕانی بەسەرداهات، وەك ڕەنگدانەوەی ئایدۆلوجیای سەربەست بون لە یاساو پێودانگە کۆنەکانی کلاسیك و مۆدێرن، بەئامانجی دروستکردنی پوچگەرایی و بەردەوامی گومانگەرایی و لەبونیادی گوتاریدا پشکنینی شاراوەی تۆڕی ئاماژەکان (دال)، جارێکی دی بەهزراندن کرانەوە (Eisenman,1993, 84). لێرەشدا تەلارسازی هەڵوەشانگەرا، ئاڵوگۆڕکردنی هونەرێکی ئاساییە بۆ هونەرێکی نامۆ، مەبەستەکە تەنها وروژاندنی ناخی مرۆڤ نییە، بەڵکە پێداچونەوەی هزرە بەمانایەکی دی.

**ئاماژە تیۆرییەکانی چێوەی توێژینەوەکە:**

1- شکاندنی ڕێچکەی دوبارەیی و چەقبەستویی تێما شێوە بینەییەکانی هونەری تەلارسازی کلاسیك و مۆدێرنە، کە بەگۆڕانی جەستەی تەلارەکانەوە وەك فۆرمەلەیەکی زێدەری دەستی پێدەکات و بە بەژانرە کاریگەرەکان وەك هونەری شێوەکاری و هزرە فەلسەفییە جوداکان بەکۆتادێت.

2- ئاراستە بە هەنگاوە تەکنەلۆجی پێشکەوتوەکانی قۆناغی دوای پیشەسازی و وەرچەرخانە خێراکانی زانست و زانیاری سەردەمی، هونەری تەلارسازی بەرەو جیاکاری و شوناسی تایبەتمەندێتی شێوەیی جیاواز ڕێگەیبڕی، لە ئاسۆیەکی پراکتیکئامێزدا گوزاشتبو لە بەرجەستە خەسڵەتییەکانی هەڵوەشانگەرایی سەردەمی پاشمۆدێرنە.

3- هونەری تەلارسازی پاشمۆدێرنە پێناسەی کەسێتی بەهرەمەندی و ئەزمونگەرای هونەرمەندە ئەندازیارەکەی لەهەناودا هەڵگرتوە، شێواز و ستایڵەکان ڕەنگدانەوەی هزرو ئەندیشەسازی کەسی بەرهەمهێنەری کارەکە وەدیاردەخەن.

4- کایەی سەربەستی بون وابەستە بە دراسەکردنی شوێنگەی کلتور و ئەتمۆسفیری کارکەوە بەشێکی دیکەی گۆڕانە ئەفرێنەرەکانی جیاوازی بونی تەلاری هەڵوەشانگەرایی دەنوێنن.

5- بەشداری کارای بیرکردنەوە و پەیوەندیکردنی بینەرە، بە دوبارەی بنیاتنانەوەی هزری لێکدانەوە و ڕاڤەکاری فۆرمەوە لە هونەری تەلارسازی هەڵوەشانگەرایی، لە پێگەی لادانە شێوەیی و وەزیفیەکەیدا، ئەمەش گرنگی دەبێت لە کردەی فرەیی بونی خوێندنەوە و دانانەوەی مانای نوێ لە دەرەوەی ئەو چاوەڕوانییە هزرییەی بەرهەمهێنەری کارەکە پەیپێبردەوە.

6- کردەی سەرسامی و نامۆکردنی هەستی بینەکردن و لێکدانەوەی نابەراوردکاری و دورکەوتنەوەی ئاوەزی ژێربیون لە ناواخنی هزری هەڵوەشانگەرایی تەلارسازیدا پاشمۆدێرنە.

7- سیمانتیکیەتی لێدان لەهزری جێگیربوی باو سەنتەری، پەرچکردنەوەی ڕاستەوخۆی ریاڵیەتی گوزارشتکردن لە دیمەنی تەلاری هاوچەرخدا، بەمەبەستی گەیشتن بە زۆرترین چەمکی خوێندنەوە و زۆرترین ڕاڤەکاری دەقئاوێزانی.

**بەشی سێیەم: ڕێکارەکانی جێبەجێکردن**

**1-3-کۆمەڵگەی توێژینەوە:**

کۆمەڵگەی توێژنەوەکە پێکدێت لە کارەکانی بواری تەلارسازی هەڵوەشانگەرا، کە نیشانەسازی و خەسڵەتەکانی تەلارسازی هەڵوەشانگەرای تێدا بەرجەستەکراوە، توێژەر (3) نمونەی کاری شیکاریکردوە.

**2-3-نمونەی شیکاریکراو:**

هەڵبژاردنی شیکاری نمونەکان بەگونجادن لەگەڵ گوتاری کۆمەڵگای توێژنەوەکە دیاریکراون، کە هەڵگری تایبەتمەندێتی جیاوازبون و ڕەسەنایەتی دوبارەنەبونەوەی تێدابێت.

**3-3-ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری:**

پشبەستوە بە و گەڕان و پشکنینە زانستیانەی توێژەر کە لە زانیاری سەرچاوەی زانستی و وپرۆشەر و پۆستەر و سەرچاوەی داتاپی وێبسایتەکاندا بەردەستخراون.

**4-3-میتۆدی توێژینەوە:**

میتۆدی وەسفی هەڵوەشانگەرای شیکاری لە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی نمونەی توێژنەوەکە جێبەجێکراوە.

**5-3 شیکاری نمونەکان:**

(نمونە 1)



ناو: گەلەری مو پۆپ MO POP

هونەرمەندی تەلارساز: فرانك جێری

پێوانە: 13000مەتری چوارگۆشە و جێهێشتنێکی لاوەکی

خامەی بەکارهاتو: کۆنکرێت + ئاسن وپۆلا + دار + شوشە + پەرەی کانزایی + شاشەی لید4د4ك وتۆڕی بەرزکەرەوەی دەنگی و تەکنەلۆجیای ئەلیکتریکی سەردەمی

شوێن: سیاتڵ - واشنتن – ویلایەتە یەکگرتوەکان

ساڵی تەولوکردن: 2014.

**ئاستی بینەیی**

بەرکەوتنی دیمەنەکە لە شێوەی پەیکەرێکی هاوچەرخ وەبیرهێنانەوەیەکی چاوەروانەکراوە، بەبارستەیەکی زەبەلاحی نامۆ، گەر مەودا تەریبی شێوە ناسراوەکانی دەوری کارەکە نەبونایە، هەنوکە پنتەکانی گومانگەرایی لە هەوڵی ڕاڤەیی وێناکردنەوەدا، دەقە شێوەییەکەی بەئەزمون دەکردەوە. ئەم نمونە تەلارسازییە پێکهاتەیەکە دابەشبوە بەسەر چەند قۆناغ و ماوەیی کارکردن و بنیاتناندا، کە لە ساڵی 2000 دەستپێدەکات تا 2016 بەکۆتادێت، بەوەی چەند جارێك گۆڕانکاری لە ڕوکار و ناواخنی تەلارەکە ڕویداوە، بەخستنەسەر و زێدەکرنی، بواری وەزیفی و پسپۆری نویێ بۆی. شاکارەکە گەلێك بوار و پسپۆڕی هونەری لە، موزیك و شێوەکاری و فیلمسازی و سینەما لەخۆدەگرێت، هۆبەی جیاجیا بۆ دیمەنی خەیاڵی و تەلیسماوی هزری فەنتازی چیرۆکی فیلمی تێدایە، بەکاردێت بۆ سیمنار و گفتوگۆی ڕەخنەیی بواری کلتور و هونەر و ڕۆشنبیری. سەکۆیەکی شانۆیی بۆ زیاتر لە 800 بینەری تێدایە لەژێر سەقفێکی گەورەدا، بە ناواخنی تەکنەلۆجیای سەردەمی شاشەی لید و سیستمی دەنگی بەکوالێتی، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین مۆدیۆمی هونەری لە

شێوەی کاری ئەنستلەیشن وەك گیتارە هەڵواسراوەکان، ترەینی کارەبایی، بونەوەری بۆشایی ئاسمان، ئەستێرەکانی فیلمی زنجیرەیی ستارتریك و ئارنۆلد و کەسی ئایکۆنی دیکە لە ناوەوە دەرەوەی تەلارەکە بونی هەیە، کە پەیوەستن بە پێناسەدانی شوێنگەکەوە (نمونە 2- أ).






(نمونە 1- أ)

**تەکنیك و ماتریال**

ڕەگەز و بینگەی ڕەنگ دابەشبوە بەسەر سێ ئاستی پانتایی تاڕادەیەك یەکسانەوە، کە لە لای ڕاستی بەشی خواروی، پانتایی ڕەنگی زیوی ڕەساسی باوەی تیشکدارە، بەشی چەپی لای سەرەوە بە دو بارستە ڕەنگی زەردی ئاڵتونی و شینی ئاسمانی، پانتایی ناوەندیش بە ڕەنگێکی مارۆنی و مۆرباوەوە بەرجەستەکراوە، لەگەڵ دەرکەوتەی چەند شریتێکی شێوە پەیژەیی سەوزباوی تەکنیك کۆلاجی، شۆڕبوی دامێنی سەرو خواری پێشەوەی تەلارکە بون (نمونە 2- أ)، هەمو ئەم کردە ڕەنگەیە ئاڵ و واڵایانە زادەی هزری هونەری پۆپ ئارتن، کە شوناسێکی گرنگە بۆ هونەری ئەمریکی.

تەکنیکی پێکهاتەیی و بەکارهاتوی تەلارەکە فرەلایەن و گوتار جیاوازن، هەر لە ماتریاڵی کۆنکرێت و کانزای ئاسن و پۆڵا و مس و ئەلەمنیۆم و دار و شوشە و پلاستیك و گەڵێك لکێنەرو ڕاگیرکاری دیکە، داڕشتەیی بیناکە تەواودەکەن.

**کردەی هەڵوەشانگەرا**

ساتی دیدەنی لەگەڵ تەلارەکە، بینەر گیرۆدەی کردەی شۆك و گومانگەرایی و سەرسامی دەبێت، کاتێ چنینی ڕوگە لکێنراوە پتەوەکانی، لەڕێی تەکنیکێکی تۆڕێ ئاڕاستەبرو ڕۆچو لاری فرەپەپکە شێوەیی، بەکردەی بەیەکداچوی هاتنەدەر و ناوەوەیەوە، لەسەکۆی گەمەی بینگەیدا، لە باڵایی هەستیاریدا و بەئاراستەی ئاگایی و سۆزی بینەر وەهمی گواستنەوە دەکات، لە نەرمی قوماشێکی ئاوریشمی درەوشاوەی بریقەدار، وەك ئەوەی تاودانێکی فیزیکی با سەما بەبارستە فۆڕمیەکان بکات، کە ئەمەش بەهایەکی دیکەی تەلارسازی هەڵوەشانگەرایە، بە لادان لە نانێوکۆیی (لاسیاقی)، ناتەواو، تاوەکو کۆنتراڤینی لۆژیك و ئاوەز بکات (نمونە 2- ب).




(نمونە 1- ب)


(نمونە 2)



| |
|---|
| ناو: سەنتەری کۆنفرانسی گرینلاند |
| هونەرمەندی تەلارساز: مێهرداد ئریڤانیان |
| ڕووبەری گشتی بەکارهاتو: 461787 م2 |
| ڕووبەری تەلار: 1070 م2 |
| خامەی بەکارهاتو: کۆنکرێت + ئاسن وپۆڵا + دار + شوشە + پەرەی کانزایی + |
| شوێن: سەدرا، شیراز، ئێران |
| ساڵی تەواوکردن: 2015 |


## ئاستی بینەیی

دیمەنەکە گوزارشتە لە دامەزراوەیەکی سەنتەری و کۆنفرانسی فرەکردکار، لەهەمان کاتدا ئەم تەلارە سەردەمییە، درێژکراوەی کۆمەڵگەی گرین لاندی ناوچەی سەدرایە، کە شارێکە دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای شیرازەوە بە دوری ١٨ کم، کە لە ساڵانی نەوەدەکاندا دامەزراوە. ئەم تەلارە ناوازەیە، وەك ئایکۆنێکی وەرچەرخانی پێشەنگی نوێ لەدایکبوی شارەکە ڕاڤە دەکریت. بوە بە شوناسی ئیستاتیکی و خۆشنودی بەسەربردنی کات، لە گەڵیك لایەندا خزمەت گوزاری پێشکەشی بینەرەکانی دەکات، یانە وکافێ، هۆڵی پێشانگا، چالاکی هونەری، هۆڵی وەرزشی، هۆڵی بۆنەکان، مارکێت، میوانخانە، خواردنگە، شوێنگەی سیمنار و کۆبونەوە لەسەر ئاستی لۆکاڵی و ئینترناشناڵ، تەلار و کۆمەڵگەکە نزیکەی (46,178.7 م2 )، لەسەر بەرزایی بنارەکانی شارۆچکە نوێیەکەی سەدرا جێگیرکراوە (نمونە2- أ).




## تەکنیك و ماتریاڵ

به جەستەی زۆرینەی تەلارکەدا، هەژمونێکی دوبارەی سکێچ ئاوتی فۆرمی ئەندازەیی پانو لا نایەکسان و ناهاوتای چوارگۆشە سپی، بەتەکنیك و توانایی ئەندازیاری باڵا کۆلاج کراوە. کە دیمەنێکی جیاواز و نامۆبەخشی سیمای کۆتایی تەلارەکەن. ئەم پەرەکانزاییە ڕۆشن ڕەنگانە لە ستایڵە هونەریەکەیدا سیمایەکی فرەڕەهەندی بۆ بونیادە شێوەییە گشتیەکەی تەلارەکە بەجێهێشتوە، بەوەی پەرچی ڕیاڵیەتیبوەکان دەنوێنێ لەدەرەوەی ئەزمونی کۆتواری ئەندێشە ئامێزەکانەوە، کە نەوەستانە لەسەر ڕوتەڵەکاری و کاری گوزارشتخوازی، کە دواجار تێکەڵەیەك لە فۆرمی هونەری ژێدەری لە شێوازی کاری سوریالیەت و بابەت گەلی نائاگایی، و لەڕیکخاریە دارشتەییەکانی کوبیزمی ئەندازەییدا خۆدەناسێنێت.



(نمونه 2- ب)

## کرەی هەڵوەشانگەرا

هزری نوێگەری هەڵوەشانگەرا لەبەرجەستەیی پەیوەندی نێوان دارشتەی فۆرم و قەبارە و بارستە و بۆشاییەکانەوە هاتۆتە کایە، بە گرنگی پەیوەستی بەکارهێنانی مەترِیاڵ و کەرەسەی نوێ، لە پەیکەر و ناواخندا، تەریب بە ڕەوتی ژیانی هاوچەرخی بینەر و دەرهاویشتەی زانستی سەردەمەوە، بەئامانجی گیرۆدەکردن و ڕاکێشان و تەلیسم دان و بارگاوی کردنەوەی حەزە ماندو دوبارەبوەکانی بینەر و بەکاربەر، ئەمەش بە بەپرۆسەی کردنەوەی کۆدی چالاك لە دەستنیشانکردنە ئاساییەکاندا، کە لە حاڵەتە باوەکانیدا لەو دیو سەربەخۆیی و جوانی فۆرمەوە شاراونەتەوە.

(نمونه 3)



ناو: وێستگەی شەمەندەفەری ئەفراگۆلا

هونەرمەندی تەلارساز: زەها حەدید

پێوانە:ڕووبەری تەلار(30000مەتری چوارگۆشە)

ڕووبەری شوێن (190000 مەتری چوارگۆشە)

خامەی بەكارهاتو: كۆنكرێت + ئاسن وپۆڵا +

دار + شوشە + ساندویچ پانێل + كانزای جۆراوجۆر

ساڵی تەواوكردن: 2017

تێچو (60) ملیۆن یۆر

شوێن: ئەفراگۆلا – ناپۆلی– ئیتاڵیا


**ئاستی بینەیی**

شاكارەكە دیمەنێكی تەلارسازی هاوچەرخ بەیاندەكات، كە بەناونیشاندا وێستگەی شەمەندەفەرە، بەڵام لە یەكەم بەركەوتنی بینگەیدا، لەگەڵ ئەم بارستە تەلارسازیە، لە باری ئاسۆیی دەركەوتنی ئەندازەكی و ئاماژەكی دورمەودادا، لە فۆرمێكی ساكاری بونەوەرێكی خشۆكی (مار- كرم)، خۆیمان نیشاندەدات، یاخود دیمەنی فۆرمی كەشتیەكی ئاسمانی بارگە تەلیسماوی وەك دەركەوتەی فانتازی فیلمێكی سینەما بێت. كەبە هەژمونێكی نەرمی ڕەنگی سپیەوە بەرجەستە كراوە. بەرو پۆشیكی جوڵاوی تێكسچەری جۆراوجۆری فۆرمی ئەندازەی دوبارە و لە شێوەی سەقفێكی ڕۆشنكەر لە دامێنی بەشی سەرەوەی تەلارەكە نیشاندراوە.

**تەكنیك و ماتریاڵ**

تەلارەكە بارگاوییە بە گەلێك جۆر كەرەستە و ماتریاڵی فرەچەشنەوە، وەك بناغە و پایەی كۆنكرێتی بەقەبارەی 30000مەترسێجا، 4500 تۆن ئاسنی پۆڵاین، 5600 تۆن دار و كانزا جیاواز، 20000مەتر دوجا پانێل، 60000مەتر دوجا ڕوپۆشی شوشەیی. پرۆژە تەلارسازیەكە 18 جوت هێڵی شەمەندەفەری بەرزە خێرایی بە دو ئاراستەیی پێكبەستە دەكات، لەگەڵ شوێنی وەستانی 1500 ئوتۆمبێل كەسی، 15 ڕیزبەندی پاس، بە گەشتی ڕۆژانەی 32700 سەرنشین لە ڕۆژێكدا، بەناواخنكردنی لەگەڵ ئۆتێل و ڕیستوران و كافی و ماركیت و شوێنی شۆوپینگ و مانەوەی سەرنشینان، كەرەستەكان تەریب بە تەكنەلۆجیا و زانستی سەردەمی و بەشێوەی پێویستی ژیری مرۆڤی ئێستایی و بە تەكنیكی پێشكەوتو بەخزمەتگوزاری كراون (نمونە3– ا).

(Archdaily-afragola-station-zaha-hadid-architects).



(نمونە3– ا) سکێچی ڕونکاری نەخشەی ئەندازەیی تەلارەکە نیشان دەدات

## کردەی هەڵوەشانگەرا

کارەکە تێڕوانینێکی جیاواز و نامۆی هەستی مرۆڤە بەرامبەر فەلسەفەی تەلارسازی، بەمانایەکی دیکە زیاتر قوڵبونەوەو لێکدانەوەی ناخە لەو پێکهاتەو فۆڕمانەی تەلارسازی پێکدێنن، لەڕێگەی میکانیزمی (لابردن و پێکەوەبەستنەوەی)، فۆرم پاش هەڵوەشان و جیاوازی تێداکردنی بە داڕشتەو شێوەی نامۆ و ناباوەوە. سەمەرەیی داڕشتن و یەکەکانی پێکهاتەی تەلارەکە، بەهایەکی دیکەی ئیستاتیکا نیشاندەدات، بە هۆکاری گەمەی تێکخزان و هاتنەدەرەوە سەرکەشەکانی فۆرمەوە، (نمونە ٣- ب).



(نمونە 3- ب) چەند گرتەیەکی جیاوازی ڕوکار و ناواخنی تەلارەکە نیشاندەدات

## بەشی چوارەم

### 4-1-ئەنجامەکان:

1. کردەی هەڵوەشانەوە مەبەستدارە لەبارگاویکردنەوەی سەرنج و تێبینیەکان و بەشداری بینەر، هەوڵدانە بۆ وەرچەرخاندنی تێفکرین و تێڕامان، جارێکی تر و بەئاوایەکی دیکە، وەك نمونەی (1-2-3).
2. هەڵوەشانگەرایی لەتەلارسازیدا گرنگیدەدات بە ڕەتکردنەوەی بەرهەم و تەکنیکی کۆن و دوبارە و لە قاڵبدراوی هزری تەلارسازی کلاسیك و مۆدێرنە، کە ئاراستەیە بە کردەی بێزاری و ماندوبونی حەزو توانای مرۆڤەوە، وەك نمونەی (1-2-3).
3. هەڵوەشانگەرایی لەتەلارسازیدا کارکردنە لە سەربەخۆیی ڕەهای هزری خود، بەمەبەستی کاراکردنی پرۆسەی هەڵوەشانەوە، کە هۆکارە بۆ جودایی بون و نوێبونەوە، وەك نمونەی (1-2-3).
4. تەلارسازی هەڵوەشانگەرا تێکشکانە لە پەیوەندیە ژمێرەیی و ئەندازەییەکانی نێوان ڕوکار و ناواخنی پرۆژە تەلارسازیەکان، کۆنتراستی کۆتوار و ئاوەژی لۆجیکی پێکبەستەکانی تەلارسازییەکانە، وەك نمونەی (1-2-3).

5. بەشداری کارایی هەستی و ئەندێشەیی بینەر بەرامبەر ئاڵوگۆڕی تێڕامان و لێکدانەوە و ڕاڤەکاریەکانی دەقە بینراوەکە، لە پرۆسەیەکی ئاڵۆزی هەڵوەشاندنەوەی دارشتە و یەکە پێکهاتوەکان و دوبارە بونیادنانەوەیان لە پێناسە و شیکاری جیاوازو نوێدا، لە بەردەوامی ئەم حاڵەتەشدا بەهای کرانەوە و فرەبونی دەق نوێ مەیسەر دەکات، وەك نمونەی (1-2-3).
6. گرنگی و پێگەی ماترِیاڵ و خامەی جیاواز سەرچاوەیەکی دیکەی بونیادی واتاگەلی نوێ و فرە ئاڕاستەن، کە لەبایەخی تەکنیك و زانستی سەردەمیانەوە بۆ سەیرو سەمەرەیی و سەرنجراکێشانی هەرچی زیاتر و گیرۆدەکردنی خوێندنەوەکانی بینەری تەلاری هەڵوەشانگەران ئاراستەگرتون، وەك نمونەی (1-2-3).
7. تێکشکانی سنورە بینەیەکانی نێوان هونەری تەلارسازی و هونەری شێوەکاری و بەتایبەتی هونەری پەیکەرسازی هاوچەرخ کەلە بارێکی دەقئاوێزانیدا گەمەی شێوەیی بەئاراستەی یەکدیەکەن، وەك نمونەی (1-2).
8. لەبەشێکی کردەکیدا هونەری تەلارسازی هەڵوەشانگەرایی دورکەوتنەوەیە لەچاودێری و عەقڵانیەت، کە ئاڕاستە گرتوی گەمە کەسی و سەربەخۆکان دەنوێنێ، بۆ گوزارشتکردن لە چێوە هەمەکییەکانی سەربەخۆیی بون، لە جێبەجێکردنی هەر کارێکی هونەری لەسیمای هاوچەرخی بونیدا، وەك نمونەی (1-2-3).

**2-4- ڕاسپاردە:**

1- هەوڵدان بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان خوێندنی هونەری شێوەکاری و خوێندنی هونەری تەلارسازی و ئاڵوگۆڕە و گواستنەوەی هزری تیۆری پراکتیکی نێوانیان.

2- پەیوەستکردنی کاری شێوازگەرایی کوبیزم بە شێوازی بواری ماکێتینی کاری تەلارسازی هاوچەخەوە.

**3-4- پێشنیار:**

1- کاریگەری هزری بونیادگەرایی دوای سەردەمی مۆدێرنیزم بە شێوازی تەلارسازی هاوچەرخەوە.

2- شێوەکاری کوبیزم وەك چەمکێکی کاریگەر لە بونیادی تەلارسازی هاوچەرخدا.

**توێژینەوەکانی پێشو:**

توێژەر هەوڵیداوە لەم توێژینەوەیەدا گەڕانیکی پێشوەختە بکات، بۆ دۆزینەوە لێکۆڵینەوە لەو توێژینەوانەی پێشتر کاریان لەسەرکراوە، وەك بابەتی پەیوەستی بون بە ناونیشان و ناوەڕۆکی تەلارسازی هولوەشانگەرایی و کارکردنی توێژەر بەئاراستەی جوداییبون و خۆ لادان و دەربازبون لە بەرکەوتەی دوبارەیی و کۆپیکردنی زانیاری دەقاودەق وەرگیراوی توێژینەوەی دیکە. هەربۆیە پاش کنەو پشکنینەکانی ئەم نمونانەی لە توێژینەوەی بابەتی هەڵوەشانگەرایی و تەلارسازی دەخاتەڕو.

توێژینەوەی یەکەم: (رؤى وتوجهات طلاب القسم العمارة لمشروع التخرج دراسة حالة: ظاهرة استنساخ مشروعات من العمارة التفكيكية) (د.م/ منى عوض أبو العنين الوزير)(مدرس بقسم الهندسة المعمارية)(كلية الهندسة - جامعة المنصورة -2021)، توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی نوسراوە لەسەر پرۆژەی دەرچونی خویندکارانی دوا قۆناغی بەشی تەلارسازی، ناوەرۆکی بابەت پەیوەستە بە کۆپی نمونەی پرۆژەکان بە دراسەکردنی تەلارسازهی هەلوشانگەرایی، بەڵام لەچوارچیوەی بابەتی ڕەخنەی و قبوڵ کردن و نەکردنی ئەم جۆرەی تەلارسازی و گرنگی لای خوێندکار توێژینەوەهکە بەردەستخراوە، لەبابەتی هەڵبژاردنی نمونەی تەلارسازی هەڵوەشان گەرایی، لایەنی هۆکاری گرنگی پێدانی ئەم جۆرەی تەلارسازی لای خویندکار.

توێژینەوەی دووەم: (النظم البنائية للعمارة الحديثة كمدخل للإثراء الجمالي للعمل الفين المعدنى المجسم) (أ. د.زاهر أمين خيرى) (استاذ بكلية التربية الفنية -جامعة عين شمس-2015): توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی نوسراوە لەسەر بەکارهێنانە جوداو جۆریەکانی کانزاکان لە دروستکردنی تەلارسازی نوێدا (ناوەڕۆکی بابەت قسەکردنە لە دەرخستەی بەهای جوانی مادده وکانزاکان لە دەرخستنی جوانی تەلارسازی هەڵوەشانگەرایی) لەتوێژینەوەگەدا بەراوردکاری کراوە لەنێوان شێوەی تەلار و نمونەی دیکەی فۆرمی هونەری و پیشەسازی.

توێژینەوەی سێیەم: (Anneleen, M) (The Uncanny and the Architecture of Deconstruction) (2011)(-Online Magazine of the Visual Narrative -): ئەم توێژینەوەیە بەزمانی ئینگلیزی لەلایەن ڕەخنەگری تەلارساز (ئانلین مەسشلین) نوسراوە بە ناونیشانی (نامۆیی و تەلاری هەڵوەشانگەرا): بابەتەکە قسەکردن و کنەو پشکنینە لە دەم کردەی نامۆیی و پەیوەستی بە تەلارسازی مۆدێرن و هاوچەرخەوە و هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بەوەزیفەکردنی لەنێو تەلارەکانی ئەوروپا و ئەمریکا بەتایبەت لە بابەتی نامۆیی لە فەلسەفەی هەڵوەشانگەراییدا.

لیرەدا توێژەر وەك بەهایەکی زانستی بۆ بەراورد کاری ئەم توێژینەوانە لەنێو توێژینەوەکەیدا، باسی بابەتی سەرسامی خوێندکاران و بینەرانی و باسی کردەو کاری گەری کانزاو ماددەکان و نامۆیی وەك تاکڕەهەندی گۆڕانی شێوەیی لە تەلارسازی هەڵوەشانگەریدا نەکردوە، بەڵکهو هەڵاوێردکرنەکە لە کۆزانی و گشتی بونی تێزەکەوە سەرچاوە دەگرێت، و لایەنی هێزی گۆڕانە هزرییەکان بە هاوتەریبی لەگەڵ سەرجەمی بونی کاریگەرییەکان بۆ بوارەکان و بەتایبەت هونەری تەلارسازی باسکراوە، بۆیە هەوڵدراوە جیاوازی لێکدانەوە و خستنە نەبەردەستی لایەنی کارگەری ستراتیژی هەڵوەشانگەرایی وەك دیدی هزری و دەرکەوتنی دەرەنجامە کۆتاکانی لەسەر لایەنی پراکتیکیانەی دەقە شێوەیەکە بەئاگۆمێنت بکاتەوە.

## سەرچاوەکان


أمهز، محمود، 1996، التيارات الفنية المعاصرة، ط1، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت- لبنان.

حرب، علي، 2005، هكذا أقرأ مابعدالتفكيك، ط1، المؤسسة العربية للدراسات والنشر: بيروت.

علوش، سعيد، 2005، معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة، ط 2، دار الكتاب اللبناني: بيروت.

لالاند، اندرية، الموسوعة الفلسفية، ط2، ت: خليل أحمد خليل، منشورات عويدات: بيروت - باريس، مجلد الاول.

مجمع اللغة العربية، 2005، المعجم الوسيط، ط4، مكتب الشروق الدولية: القاهرة.

مجموعة من الكتاب، 2004، مسارات فلسفية، ت: محمد ميلاد، دار الميلاد للنشر والتوزيع: اللاذقية.

- منير البعلبكي، رمزي البعلبكي، المورد الحديث، ط1، دار العلم للملايين: بيروت.

- موسى، خليل، 2006، جماليات الشعرية العربية، منشورات اتحاد الكتاب العرب: دمشق.

- وغليسي، يوسف، 2005، إشكالية المصطلح في الخطاب النقدي العربي الجديد، الدار العربية للعلوم ناشرون: الجزائر.

- حسن، ايهاب، ١٩٩٧، نحو مفهوم ما بعد الحداثة، ت: صبحي حديد، مجلة الكرمل: رام الله، العدد ٥١.

-عرابي، أسعد، 2001، تزاوج أنواع الفنون في نزعة ما بعد الحداثة، جريدة الفنون، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب:الكويت، العدد 4، إبريل.

- ابو احمد، حامد،2014، نظريات مابعد الحداثة، الجمعة ٨ أغسطس، www. socio.yoo7.com

- عقبه، زيدان، 2000، اساءة القراءة. www. thawra.alweheis.com

- محمد, عبدالعزيز، 2016، مفهوم التجريد في الحضارة الغربية. www.islamonline.net

- محمد، محمد يونس، 2003، تفكيكية ايزيمان. www.eisemanarchitecture.com

-Alsultani, Khalid, A Hundred Years of Modern Architecture, Al-Mada Foundation for Media ,Culture and Arts, 2009.
-Eisenman, Peter and others, 1993 , Reworking Eisenman, Academy Edition, London, Eisenman.
-Frampton, Kenneth, 2020, Modern Architecture: A Critical History, (Fifth) Thames & Hudson.
-Islami, S. Yahya, 2016, Sacred surfaces: understanding the thickness of appearances from the primitive hut to parametric architecture", International Journal of Architectural Planning.
-Noble, Christina, 2009 ORNAMENT.
-Paul. Goldberger, (26 June 2001).Theories as Building Blocks a New Style, New York Times.

**پەراوێزەکان:**

* ئەپیستیمۆلۆجی Epistemology : دەکۆڵیتەوە دەربارەی گەلێك لایەنی ژیانی مرۆڤ، لە ژیری و باوەڕداری و پاساودانەکانی، گومان گەرایی و پەیوەندی بە ڕاستیەوە، شیکاری فەلسەفی لە سروشتی و کۆزانی (منير البعلبكي. 2008، 402)
*سیمانتیکی: واتە نیشانەسازی، علامات، سیمبۆڵیەت کە لە سیمۆلۆجیاوە وەرگیراوە.
* باوهاوس، دیستیڵ، بونیاد: سێ دامەزراوەی یا خود قوتابخانەی جیهانی سەردەمی مۆدێرنە بون، لە (ئەلمانیا، هۆڵەندا، ڕوسیا) لەلایەن چەند (تەلارساز و هونەرمەند و پێشەوەر)وە هاتنە کایە، بۆ یکانگیریکردن و بەهونەرکردنی تەلارسازی و ئاوێتەکردنیان بە ستایڵ و دەرکەوتەی هونەری شێوەکاری مۆدیرن.
* کەتوار: واتە واقیع، وشەی کۆتوار لە زمانی شێوەزاری کوردی ڕۆژهەڵات واتە شتێك لەگەڵ ڕاستیدا بگونجێت واتە ئەو (واقیع)ەی دبینرێت لە پێش چاومان.